زانكۆی سەلاحەددین
كۆلێژی ئاداب
بەشی جوگرافیا / قۆناغی دووەم

زانكۆی سەلاحەددین - هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# ( جوگرافیای لادێ )

مامۆستای بابەت
جێگر حسن محمود

mobile: 0750 4838744
Email:jegr.mohood@su.edu.krd

7- 1 - 2021

fppt.com

- بەکارهێنانەکانی زەوی لادێیی:
- نیشتەجێی لادێیی پلاندانرو:







# ناوەڕۆکی وانە

- جۆرەکانی بەکارهێنانەکانی زەوی لادێیی.

یەکەم:بەکارهێنانی زەوی بەمەبەستی نیشتەجێبوون.

دووەم: بەکارهێنانی زەوی بەمەبەستی کشتوکاڵیی.

سێیەم: بەکارهێنانی زەوی بەمەبەستی پیشەسازی.

چوارەم:بەکارهێنانی زەوی بەمەبەستی بازرگانی.

پێنجەم:بەکارهێنانی زەوی بەمەبەستی خزمەتگوزاری.

- پۆلێنکردنی بەکارهێنانی زەوی لادێیی و تایبەتمەندیەکانی
- نیشتەجێی لادێیی پلاندانراو.
- ✓ وانەی داهاتوو.

# ئامانج لە خوێندنی ئەم بابەتە

**یەکەم:** خستنەڕووی بەکارهێنانەکانی زەویلادێیی .

**دووەم:** دەرخستنی و پۆلێنکردنی تایبەتمەندییەکانی بەکارهێنانەکانی زەوی لادێیی.

**سێیەم:** بەدەستهێنانی باشترین ڕێگا و شێواز لە بەکارهێنان و بەگەڕخستنی زەوی.



# بەکارهێنانی زەوی لادێیی

## بەکارهێنانی زەوی لە لادێکان

مەبەست لە بەکارهێنانی زەوی بەش بەشکردن یان تەرخانکردنی بەشێك لە زەوییە بۆ بەکارهێنانێکی دیاریکراو وەك: نیشتەجێبوون و کشتوکاڵ و خزمەتگوزاریی و هیتر.

بەکارهێنانەکانی زەوی لە لادێیەکان سادەتر دەردەکەون بەراورد بە ناوچە شارنشینیەکان، وە بەشی زۆری زەوی لادێکان تەرخاندەکرێت بۆ کشتوکاڵ بۆ نیشتەجێ بوون لە لایەك و نیشتەجێ بوون لە لایەکی تر، کەمبوون و زۆربوونی ڕێژەی بەکارهێنانەکان لە سەر ئابووری وولات و تەکنەلۆجیا دەوەستێتەوە، بۆ نموونە: بوونی ئابوورییەکی بەهێز و تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو هۆکارێکی هاریکارە لە سەر زیاتر بەکارهێنانی زەوی و زاری لادێکان بۆ کشتوکاڵ، بە جۆرێك: ئەو لادێیانەی دەکەونە چوارچێوەی زەوییە لێژەکان دەکرێت بە شێوازی تەکنیکی لاپاڵ و تەلانەکان بۆ باخ و ڕەز بەکاربهێنرێن. سەرباری ئەوە بەکارهێنانەکان بە درێژایی کات گۆڕانی بە سەر دادێت وەك کاتێك لادێکان فەراموش دەکرێن و دەخرێنە کەنارو بێ بەش دەکرێن لە خزمەتگوزارییە پێویست و سەرەتاییەکان، بەمە دۆخێك دێتە پێشەوە لادێنشینان لادێکان چۆڵ دەکەن و کشتوکاڵ و پرۆسەکانی تایبەت پێی سست دەبن، یان هەندێك جار هەیە بە هۆی دۆزینەوەی کانزاو دەرامەتێکی تایبەتی وەك: نەوت یان گاز لە سنووری لادێیەکان، ئەمە وا دەکات گوڕان لە جۆری بەکارهێنانەکان ڕوو بدات وەك: گۆڕانی کشتوکاڵ بۆ پیشەسازی.

# بەکارهێنانی زەوی لادێیی

**بەکارهێنانی زەوی (LAND USE):**

**بـریتییە لە هەمـوو جـۆرە بەشـداری کردنێکـی مـرۆڤ بەشـێوەیەکی بەردەوام یاخود خوولی بە مەبەستی دابینکردنی پێداویستییەکانی مرۆڤـایەتی مـاددی بێـت یان گیـانی, یـان هەردووکیـان, لە وەبەرهێنـانی سـامانە سروشـتی و مرۆییەکان کە پەیوەندیدارە بە زەوییەوە .**

# بەکارهێنانی زەوی لادێیی

## یەکەم: بەکارهێنانی زەوی بەمەبەستی نیشتەجێبوون.

بەکارهێنانی زەوی بە مەبەستی نیشتەجێ بوون ڕوخسارێکی بونیاتنانە و هۆکارێکی کاریگەرە لە پێکهاتەی کەرتەلادێیەکاندا ،چونکە بەشێک لە ڕووبەری بنیات نراو دەگرێتەوە کە مرۆڤ تیایدا نێشتەجێیە و گەشە دەکات وەچالاکیە جۆراو جۆرەکانی پەیڕەو دەکات، نیشتەجێ بوون یەکێکە لە گرنگترین بەکارهێنراوەکان کە دەکرێت پشتی پێ ببەسترێت چونکە ڕەنگدانەوەی چالاکی پلان دانان و گەشە پێدانی بەردەوامە لە کۆی پێداویستیە هەمیشەییەکان، هەروەها زۆرێک لە ڕەگەزە بەکارهێنراوەکانی تری بەکارهێنانی زەوی دەکەونە ژێر کاریگەری باری ڕاستەقینەی ئەم جۆرە بەکارهێنانە. بە گشتی لادێکان ڕووبەرێکی بچووك پێکدەهێنن، بەو مانایەی بەکارهێنانی زەوی لە چوارچێوەی لادێ بۆ نیشتەجێ بوون ڕووبەرێکی زۆر داگیر ناکات، ئەمەش لە بەر ئەوەی لادێنشینان هەوڵدەدەن ئەوەندەی لە توانایاندایە زەوی و زاری لادێیەکانیان بۆ کشتوکاڵکردن بە کاربهێنن ئەمە لە لایەك و، لە لایەکی تریش زۆر جار لاندسکەیپی لادێکان زیاتر لاندسکەیپێکی شاخاوی یان بان و زورگە یان لە لا پاڵی دۆڵێکدا هەڵکەوتووە، هەموو ئەمانە وا دەکات بەکارهێنانی لادێنشینی بە بچووکی دەربکەوێت.





# بەكارهێنانی زەوی لادێیی

## دووەم: بەكارهێنانی زەوی بۆ مەبەستی كشتوكاڵیی:

مەبەست لە بەكارهێنانی زەوی كشتوكاڵی هەموو ئەو زەوی و زارە كشتوكاڵی و كێڵگەی بەروبوومە كشتوكاڵیەكان لە لایەك و، كۆگای عەمباركردنی دانەویڵەو شوێنی حەوانەوەی مەڕوماڵات و بەخێوكردنی پەلەوەر لە لایەكی تر دەگرێتەوە، بەكارهێنانی كشتوكاڵی بەو پێیەی كشتوكاڵ پیشەی سەرەكی لادێنشینانە ڕووبەرێكی بەرفراوان لە لادێكان داگیر دەكات، لە هەندێك باردا لە ( ٩٠٪ )ی كۆی ڕووبەری لادێكان زیاترە ، بەتایبەت ئەگەر لادێكە هەڵكەوتەیەكی دەشتایی هەبوو.



# بەکارهێنانی زەوی لادێیی

## سێیەم: بەکارهێنانی پیشەسازی:

پیشەسازی چالاکیەکی گرنگی مرۆییەو و بناغەی پەرەسەندنی ئابوری و پێشکەوتنی ناوچەکانی پێوە بەندە،بەکارهێنانی زەوی بەمەبەستی پیشەسازی بە شێوەیەکی دیار و ڕوون لە شارەکان و سەنتەرە ئاواکارییە گەورەکان بەدیار دەکەون، بەلاّم لەگەلّ ئەوەشدا ئەوە مانای ئەوە نیە لە لادێکان بوونیان نیە، بەلّکو لە هەندێك حالّەتەدا لە لادێکان پیشەسازی سووك دەبینرێن بەتایبەت لەو حالّەتەی ئەگەر هاتوو مەبەست لە کشتوکالّکردن بازرگانی پێوەکردن و بەشداری پێکردنی بێت لە پیشەسازیدا، پیشەسازییەکان لە لادێکان بە گشتی بریتین لە پیشەسازی سووك وەك پیشەسازی ئامادەکردنی خوری و بڕین و چاککردنی دار و لە قوتونان، یاخود هەندێك جار بریتیە لە دەرهێنانی چەو و ووردە بەردی ڕێرەوی لقە ڕووبارییەکان و کارگەی چیمەنتۆ و گەچ و هی تر.



# بەکارهێنانی زەوی لادێیی

## چوارەم: بەکارهێنانی بازرگانی :

مەبەست لە بەکارهێنانی زەوی بەمەبەستی بازرگانی ڕووبەری زەوی بەکارهاتووە کەوا چالاکی بازرگانی تیایدا ئەنجام دەدرێت بەئامانجی بە دەست هێنانی سوودو زیادکردنی داهات ، بەجۆرێک کە پێداویستیەکانی ژیانی ڕۆژانەی دانیشتوانی ئەم لادێیانە پڕدەکەنەوە.





# بەکارهێنانی زەوی لادێیی

## پێنجەم: بەکارهێنانی زەوی بەمەبەستی خزمەتگوزاری:

جۆرێکی تری بەکارهێنانی زەوییە لەو بابەتە گرنگانە هەژمار دەکرێت کە پەیوەندییان بە ژیانی مرۆڤ و پێشکەوتنیەوە هەیە لە بەر ئەمە ئاماژەیەکی گرنگ و بنەڕەتیە لە پێشکەوتنی ژیان و بە مەبەستی سوودێکی دیاریکراو بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی دانیشتوانی لادێیی. هەریەک لە ناوەندەکانی فێرکردن و تەندروستی و ئاینی و تۆڕی ئاوی خواردنەوە لە ڕووبەرە لادێیەکان دەگرێتەوە.



# بەکارهێنانی زەوی لادێیی

## ❖ پۆلێنکردنی بەکارهێنانی زەوی لادێیی و تایبەتمەندیەکانی:

### یەکەم :بەکارهێنانی زەوی لادێیی لە ئابووریە سەرەتاییەکان:

أـ کۆمەڵەی کۆکەرەوەی خۆراك: وەکو بۆشمەنەکان کە هەڵدەستن بەکۆکردنەوەی خۆراکی ڕووەکی و میوە.

ب ـ کۆمەڵەی ڕاو: وەکو کورتە باڵاکانی ناوەڕاستی ئەفریقیا و هیندییە سورەکانی ئەمریکای باکور و ئەسکیمۆکان کە لەسەر ڕاوی گیانداران دەژین.

ج ـ کۆمەڵەی شوانکاری: وەك دانیشتوانی بەشێک لە ڕووباری نیل و شوانەکانی مەنگۆلیا کە بە پلەی سەرەکی مانگا ئینجا مەڕو بزن بەخێو دەکەن.

دـ کۆمەڵەی کشتوکاڵی سەرەتایی: وەك هۆزەکانی ناوچەی ڕووباری ئەمەزۆن کە کشتوکاڵی بژێوی ئەنجام دەدەن بەبەکارهێنانی ئامرازی سادە.







# بەکارهێنانی زەوی لادێیی

## دووەم :بەکارهێنانی زەوی لادێیی لە ئابووری پێشکەوتوو:

**أـ كشتوكاڵی تێكەڵ:** ئەم جۆرە لە چاڵاكی كشتوكاڵی پێی دەوترێت تێكەڵاو لەبەر دوو هۆكار:

تۆـ زەوی كشتوكاڵی بۆ بەرهەمهێنانی خواردنی مرۆڤ و ئاژەڵ لەیەك كێڵگەدا پەیرەو دەكرێت.

یۆـ بنەچەی ئابووری ئەم كێڵگانە پشت بەبەروبوومی كشتوكاڵی و بەروبوومی شیرەمەنی دەبەستێت.

**تایبەتمەندییەكانی:**

تۆـ قەبارەی كێڵگەكان مامناوەندە.

یۆـ بەزۆری بەروبوومی ئالیكیان تێدا دەچێنرێت.

سمـ پسپۆڕی هەندێك لە كێڵگەكان بریتییە لە بەرهەم هێنانی شیرەمەنی.

شمـ پێشكەوتنی پیشەسازی و زیادبوونی قەبارەی شارەكان پاڵنەری سەرەكی بووە لەم بوارەدا.

 – ناوچەكانی بوونی بریتییە لە ئەوروپای رۆژئاوا. ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا و رۆژهەڵاتی ئوسترالیا و ئیرلەندا.



# بەكارهێنانی زەوی لادێیی





## ب ـ پشتێنەكانی دانەوێڵە :

ئەم شێوازە پێی دەوترێت كشتوكاڵی فراوان :

## تایبەتمەندییەكانی :

ترـ ئەو ناوچانە دەگرێتەوە كە بارودۆخیان گونجاوە بۆ چاندنی دانەوێڵە .

یرـ قەبارەی گوندی بچووكە .

سمـ بەرهەمی زەوی لێرەدا بەرزە چونكە پشت بە ئامێر دەبەستێت.

شمـ دیٚ نشینی لێرەدا لەجۆری باڵاوە بووە.

ـ كێڵگەكانی بەگەورەترین كێڵگە كشتوكاڵیەكانی جیهان دادەنرێت.

ـ كۆمەڵگە دێهاتیەكانیان بە دەوڵەمەندترین كۆمەڵگە دێهاتیەكانی جیهان دادەنرێت.

ـ ناوچەكانی بوونی بریتیە لە ..usa. وكەنەداو ئەرجەنتین و یەكێتی سۆڤیەتی پێشوو.

# بەکارهێنانی زەوی لادێیی

## ج ـ پشتێنەیچاندنی سەوزەو میوە؛

لەزۆربەی ناوچەکانی جیهان ئەنجام دەدرێت.





## تایبەتمەندییەکانی :

ترـ رۆلێکی گرنگی هەیە لە بازرگانی.

یرـ بەزۆری کێڵگەکان لەنزیك ناوچەکانی پیشەسازی و شارە گەورەکان جێگیر دەبن.

سمـ هەندێ لەم کێڵگانە پسپۆڕن لە بەرهەم هێنانی یەك جۆرە سەوزەو میوە.

شمـ لەبواری ئەم چاڵاکیانەدا سوود لە پێشکەوتنی زانستی وەرگیراوە وەك ماڵ وو خانووی شوشەیی و پۆشاکی پلاستیکی.

□ـ ئاستی بژێوی جوتیار لێرە بەرزە.

# بەکارهێنانی زەوی لادێیی

## سێیەم: چاڵاکی کشتوکاڵی لە ناوچە لادێییەکانی کەش و هەوای خولگەیی باراناوی:

تر- ئەم ناوچەیە بەوە ناسراوە کە بارانی زۆرە و پلەی گەرمی بەرزە.

یر- ئەم هەرێمانە چڕی دانیشتوانیان تێدا بەرزە. کشتوکاڵیش لەجۆری چرە و گوندەکانیش بەچڕی لە پاڵ یەکدا کۆ بوونەتەوە.

سم- چاڵاکی ئابووری لێرەدا زۆرجار بۆ بژێویە.

شم- دەشتەکانی چین و هیندستان و باشوری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا دەگرێتەوە.

□- لێرەدا سیستەمی کشتوکاڵی خولدارە و دابەشکردنی زەوی بۆ چەند بەشێکی پسپۆر پەیرەو دەکرێت.

□- شێوەی چاندنی دەستی چڕ باوە.

□- بەزۆری کشتوکاڵی برنج و ڕووەکە بازرگانیەکانی وەك بەهارات و چاو قاوەو کاکاو و مۆز پەیرەو دەکرێت.






# بەکارهێنانی زەوی لادێیی

## چوارەم: بەکارهێنانی زەوی بۆ مەبەستی ناکشتوکاڵی:

ترـ ئەم جۆرە لەدوای ئەو گۆڕانکاریانەی کە بەسەر ناوچە دێهاتیەکان و کشانی ناوچە شارستانیەکان و دەست بەسەرداگرتنی زەویەکان بەدەرکەوتووە.

یرـ لەو چاڵاکیە ناکشتوکاڵیانەی کە لە ناوچە دێهاتیەکاندا هەیە وەك چاڵاکی پیشەسازی ( پیشەسازی شەکر و بەروبوومی ئەلبان و قوتوبەندکردنی گۆشت ).

سمـ چەند فاکتەرێکی دیکەی وەك کەرەستەی خاوی کشتوکاڵی و ڕووبەری فراوانی کشتوکاڵی بۆ دامەزراندنی کارگەکان و بوونی دەستی کارو کرێی کەم یارمەتی دەر بووە لەم بوارەدا.





# نیشتەجێی لادێیی پلاندانرو

## نیشتەجێی لادێیی پلاندانرو:

**پێناسەی پلاندانان:** پلاندانان بریتیە لە لێکۆڵینەوە لە توانا سروشتی و مرۆییەکان لە ناوچەیەك یاخود ڕووەرێکی دیاریکراو بەمەبەستی بەدەستهێنانی باشترین کرداری پێشخستن بەمەرجێك سەر ئەنجام بوژانەوەی لێ بکەوێتەوە لە ڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتی و خزمەتگوزارییەکان....هتد.




## ئامانجەکانی لادێ نشینی پلاندانراو:

تر- بەکارهێنانی باشترین ڕێگا و شێواز لە بەگەڕخستنی زەوی.

یر- ئامانجی ئەو دێهاتانەیە کە بە هەڕەمەکی دروست بوون بەجۆرێك گۆڕینیان بۆ ناوچەیەکی پێشکەوتوو.

سم- هەوڵدان بۆ بووژاندنەوەو بەرەو پێشبردنی دێهاتەکان بەشێوەیەك کە بگونجێت لەگەڵ چالاکی ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان.

شم- بەدەستهێنانی هەموو خزمەتگوزارییە پێویستییەکانی شوێنی تاکو مرۆڤ لە ژیانێکی سەرفراز بژێیت و هاندەرێك بێت بۆ ئەوەی بەرهەموو توانای زیاتر بێت بۆ بەرەو پێشبردنی پرۆسەی بوژانەوەی دێهاتەکان.

- تەنها پلاندانانی نشینگە یا خانوو ناگرێتەوە بەڵکو ئەو هەرێمەی کە نشینگەکانی لادێی تیادایە لەخۆ دەگرێت.

- دووبارە دابەشکردنی نشینگە لادییەکان و هەڵبژاردنی پێگەکانیان بەمەرجێك لایەنی کۆمەلاّیەتی و ئابووری و دەروونی جوتیار بەهەند وەربگیرێت.

# نیشتەجێی لادێیی پلاندانرو

## ❖ جۆرەکانی لادێ نشینی پلاندانراو:

ترـ **گوندی نموونەیی:** کە لە لایەن دەزگاو فەرمانگەی رەسمی و نیمچە رەسمی و کۆمپانیا و دەزگا تایبەتییەکان دەکرێ، ئەم گوندانەش بەوە جیادەکرێنەوە کە پلانی پێشەکی بۆ خانووەکان دانراوە کە لەسەر شێوەی چوارگۆشە یان بازنە یان لاکێشە بێت بە پێی نەخشەی تایبەتی کە ئەم لایەنانە ئامادەی دەکەن زۆر جاریش خانووەکان لێکچوو دەبن لێرەدا لە رووی قەبارەی خانوو وە رووبەری شەقامەکان وەك یەکن.

2- **زەوی دابەشکراو بەسەر جوتیاران :** کە دواتر خۆیان ئەرکی بیناکردنی دەگرنە ئەستۆ بە پێی نەخشەی دیاریکراو کە بەسەریان دابەش دەکرێ و پابەند دەبن بە جێبەجێکردنی.

## تایبەتمەندیەکانی لادێی سەنتەری پلان بۆ دانراو لە یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو:



ترـ دابینکردنی خزمەتگوزاری هەمەجۆر و هەروەها دامەزراندنی پیشەسازی دێهاتی تیایدا.

یرـ باشترکردنی ئەندازەو نەخشەی دێهاتەکان.

سمـ نەهێشتنی گوندی قەبارە بچووك لەسەر بنچینەی بربربرتر کەس وەك ئاستی کەم نەبێت.

شمـ دەبێتە فاکتەرێك بۆ بەفیرۆ نەدانی زەوی.

ـ بەهەند وەرگرتنی بارودۆخی ئابووری و کۆمەلأیەتی و دەروونی دانیشتوان.

ـ دیاریکردنی باشترین پێگە بۆ گوند و دیاریکردنی پەیوەندی بەزەویە کشتوکالێیەکان.

ـ بەهەند وەرگرتنی دووری گوند لەسەرچاوەکانی ئاوو رێگاو بانەکان تیایدا.

تیـ بەهەند وەرگرتنی دووری گوند لە سەنتەرە کارگێرییەکان.

ـ ئاسانی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە گشتیەکان بۆ دانیشتوانی گوندەکان.

# نیشتەجێی لادێیی پلاندانرو

## - ئەو لایەنانەی کە پێویستە ڕەچاو بکرێت پێش هەر پلانێکی دێ نشینی:

تر- ڕوو پێوی شوێنی

یر- شێوەی نشینگە

سمـ ڕوو پێوی دانیشتوان

## ـ ئەو فاکتەرانەی کە پەیوەندیان بە پلاندانانی دێ نشینیوە هەیە ئەمانەن :

**تر- فاکتەری سروشتی :**

وەك بەرزی و نزمی زەوی و بارودۆخی کەش و هەوا و خاك و سیفەتەکانی و سەرچاوەی ئاوو هتد..

**یر- فاکتەری ئابووری :**

چالاکیە ئابووریەکان و ئاستی داهاتی تاکە کەس و کەرەستەی بیناکاری.

**سمـ فاکتەری کۆمەلایەتی :**

داب ونەریتی کۆمەلایەتی و لایەنی ڕۆشنبیری و ئارەزووی کەس و هەروەها لایەنی دانیشتوان لە ڕووی قەبارە و پێکهاتەی دانیشتووان و ئەمە جگە لە بەهەند وەرگرتنی لایەنی فێرکردن و تەندروستی و حەوانەوە.


**شمـ پلانی دەولەت :**

ئایا دەولەت پلانی هەیە بۆ جێبەجێ کردنی پرۆژە بوژاندنەوەیەکان لە ناوچە دێهاتیەکان یاخود نا.

# وانەی داهاتوو:

- پۆلێنکردنی پیشەی دێ نشینی:
- دێ نشینی لە هەرێمی کوردستان:




سوپاس